# ئیسلام ئایینی ئاشتی یان ڕێنمایی تیرۆر؟ وەڵامێک بۆ وڕێنەکانی سوار سەلیم-ی نەوەی ئەبو جەهلو ئەبو هورێرە!... بەشی چوارەم... پێشەوا کەرکوکی

Kirkuk33@hotmail. com

عەلمانی:

لەوەڵامەکەتدا نووسیوتە: (بەجۆرێک لەکاتی باسکردنی پۆخڵەواتی عەرەبە عەلمانییە هاوسەنگەرەکانیشت، ئیسلامییەکان تاوانبار دەکەیت!) . بەر لەهەموو شتێک هاوسەنگەری هێزە عەلمانییەکان شانازییە بۆ مرۆڤ، بەڵام نەک بەناو عەلمانییەکانی وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی، چونکە هیچ حکومەتێکی عەلمانی لەوڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا بوونی نییە! هاوسەنگەری عەلمانییەکانو سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا شانازییە بۆ مرۆڤ، کە باوەڕیان بەمافی مرۆڤ، دیموکراسی، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوە ژێردەستەکان، ئازادی ئایین، بیروبۆچوون، دەربڕینو نووسین هەیە!! بەڵام ئایا تۆ دەتوانی نکوڵی لە ئیسلامییەتی سەددام بکەی؟ ئەی ئەو (الله ۆکبر) ەی سەر ئاڵاکەی چییە، کە سەددام خۆی بەدەستی خۆی لەسەری نووسی؟ دەتوانی نکوڵی لەئیسلامی سودان بکەی، کە تیرۆریستەکانو ئیسلامییەکانی هاوەڵیشت بەئیسلامی دەزانن؟ ئایا دەتوانی نکوڵی لە ئیسلامی حکومەتەکانی ئێراق، سوریا، سعوردیە، ئوردەن، یەمەن، میسر، مەغریب، لیبیا، ئەریتیریا، ئیمارات، قەتەرو دوبەی بکەی؟ ئەگەر وانییە، ئەی بۆ لەدەستووری وڵاتەکەیاندا، قورئانیان کردووە بەسەرچاوەی سەرەکی یاسادانانو بەڕێوەبردنی وڵات؟ ئەگەر وانییە، ئەی بۆ ئەو وڵاتانە ئەوەندە بەپەرۆشی ناسنامەی عروبەو ئیسلامێتی ئێراقن؟ ئەی باشە، ئەگەر حکومەتی پارتی "دادپەروەریو گەشەسەندن"ی دەسەڵاتدار لە تورکیا، حکومەتی ئیسلامی نەبێت، دەبێت کام حکومەت ئیسلامی بێت؟ ئەی باشە، ئەگەر حکومەتی ئایەتوڵڵاکانی قومو تاران لەئێران، ئیسلامی نەبێت، دەبێت حکومەتی ئیسلامی چۆن بێت؟ ئایا ئێرانی مێزەر بەسەرەکانی ئیسلامیو تورکیای پارتی (دادوەریو گەشەسەندن) ی سەرەک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆگانو تەواوی ئەو وڵاتە عەرەبیو ئیسلامییانەی کە بەپەرۆشی عروبەو ئیسلامییەتی ئێراقن بەشێوەی تۆ، عەلمانین یان ئیسلامی تیرۆریستن؟ ئەگەر ئیسلامیو تیرۆریست نەبن، بۆ ئەوەندە بەپەرۆشی عروبەو ئیسلامییەتی ئێراقن؟؟؟

نووسیوتە: (سەرکردە عەلمانییەکەی خۆت لێبووە بەئیسلامی کە بەدەیان کەس کڕ نەدەبووەوە لەسەر گۆڕی خومەینی!!) .

مەبەستت لەو سەرکردەیە (مام جەلال) ە، بەڵام سەرەڕای هەموو کەموکورییەکیانیش، پێڵاوەکانی مام جەلالو سەرۆک بارزانی کەدوو سەرکردەی کوردن، هەرنا بۆ کوردو کوردستان تێکۆشاونو خەباتیان کردووە، بەسەری کوڕی لادن، زەرقاویو گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانو کرێگرتەکانیان ناگۆڕمەوە! هەرنا ئەوان وەکو ئیسلامییەکانی کوردستان، خەباتیان بۆ هێنانەدی دەسەڵاتێکی عەرەبی ئیسلامی نییە کەدژ بەهەموو مرۆڤایەتییە، ڕاستە هەڵەیان کردووەو جاری واش بووە هەڵەکانیان گەیشتۆتە رادەی ناپاکی لە نەتەوەو نیشتمانو کاتێکیش بەهۆش خۆ هاتبنەوە، وازیان لەو ناپاکییە هێناوە، بەڵام هێزە ئیسلامییەکان بەناپاکی لەدایکبوونو هەر لەسەر سکەی ناپاکی بەردەوامنو هەنگاوەکانیان لەدژی خواستە نەتەوەییو نیشتمانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەنێنو، هەوای ئیسلامو بەهەشتە پانو بەرینەکە وا سەرمەستی کردوون، کە زۆر بێشەرمانە خۆیان خزاندۆتە سەنگەری کۆنە بەعسیو تیرۆریستەکانی قائیدەو زەرقاوییەکانو حزبی ئیسلامی ئێراقو تیرۆریستەکانی ساڵح موتلەگو فەلوجەو، شانبەشانی ئەوان تەنیا لەسەر کوردبوون گەنجی کورد سەردەبڕنو شانازیش بەو ناپاکیەیان دەکەن!

نووسیوتە: (تۆ ڕێکخراوەکەی یاسر عەرەفاتت لێبووە بەئیسلامی!! کەچی وەزیرە ناوخۆکەی (محەمەد دحلان) دەیان گەنجی موسڵمانی بەپیلانێک دایە دەست زایۆنییەکان!) . یاسر عەرەفات، سەرۆکی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی فەلەستین (الفتح)، بۆ دەبێت ئیسلامی نەبێت، لەکاتێکدا کەناوی ڕێکخراوەکەی بەناوی سورەتی (الفتح) ەوە ناونراوە؟ ئەی هەر لەپێناو پاراستنی عروبەو ئیسلامی ئێراقی سەددام نەبوو، پەنجا هەزار فەلەستینی ناردووە بۆ یارمەتیدانی بەعسو لەنێوبردنی کوردو شیعە؟ ئایە مەبەستت لەگەنجی ئیسلامی، تیرۆریستەکانی حەماس، کەتائبی عزەددین قەسام، ناسر سەلاحەدین، سوپای ئیسلامو ئەو خۆکوژە تیرۆریستانەیە کە لەناو شارەکانی ئیسرائیلو لەنێو ئاپۆڕەی خەڵکدا خۆیان دەتەقێننەوەو، بەسەدان کەسی بێتاوان شەهید دەکەن؟

ئەو گەنجە فەلەستینییانەی کە تۆ باسیان دەکەی، ئێستا پەرلەمانو حکومەتی ئەوێیان بەدەستە. بەڵام کاتێک کە سوپای ئیسرائیلی لەهەڵمەتێکدا بۆسەر کەرتی ڕۆژئاوا لەبەرەبەیانی 29. 6. 2006دا، 8 وەزیرو 20 جێگری وەزیرو 24 ئەندام پەرلەمانو چەند بەرپرسێکی حەماسی دەستگیرکرد کەژمارەی تێکڕایان (60) کەسێک دەبوو، ئەو گەنجە بەناو موسڵمانانە بۆ بەبێ تەقاندنی فیشەکێک خۆیان بەدەستەوە دا؟ ئەی باشە بۆ ئەو (300) ملیۆن بەناو عەرەبو (3) ملیار موسڵمانە لەخەوی شیرین هەڵنەستانو پەلاماری ئیسرائیلییەکانیان تێک نەدەشکاند؟ ئەی باشە لەشکری لەژمارو لەبن نەهاتووی تەیری ئەبابیلەو فەرماندەکەیان لەکوێ بوون؟ یان ئەوانیش وەکو ئەو بەناو گەنجە موسڵمانانەی حەماس، بەبێ تەقە خۆیان بەدەستەوەدا؟ یاخود لەترسی سوپای کوفر، هەروەکو ئەو گەنجە فەلەستینییانە هەترەشیان چووبوو و بەدرۆ خەویان لەخۆ خستبوو و نوێژی بەیانی ئەو ڕۆژەشیان نەکرد؟

نووسیوتە: (جاش ئەو عەلمانیانە بوون کە لەساڵی 1992دا تورکیا دەعوەتی کردنو لەوێ پێی ووتن دەبێ لە پەکەکە بدەن، بەڵام لەبەرئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕازی نەبوو، پارەی ئوتێلیشیان بۆ نەدان) . بەر لەهەموو شتێک، لێدانی (پ. ک. ک و دیموکراتو شەڕی کورد کوژی) بەناپاکی لەنەتەوەو نیشتمان دەزانم، بەڵام لێدانی هێزە ئیسلامییە تیرۆریستەکانو ئیسلامی سیاسی بەکوردایەتیو نیشتیمانپەروەری دەزانم. دەربارەی ئەوەی کە پێت وایە، یەکێتییو پارتی یاخود حکومەتی هەرێمی کوردستان جاشن، باشە ئەوە وادادەنێین ئەوانە جاشن. بەڵام ئێوەی ئیسلامی بە (بزووتنەوە، یەکگرتوو، کۆمەڵو ئەوانەی تریش)، کاتێک کە پارە لەو بەناو جاشانە وەردەگرنو ئەندام پەرلەمانو چەندین وەزیرتان لەهەردوو حکومەتی هەولێرو سلێمانی هەبووەو، ئێستاش لە حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان چەند وەزیرێکتان هەیە، ئایە هەر لەسەر قسەی خۆت، ئێوەی ئیسلامی نەبووینە بەجاشی جاشان؟ باشە کە ئەوان جاش بن، بۆ پارەی جاشان وەردەگرنو لەحکومەتو پەرلەمانی جاشان بەشداری دەکەن؟ ڕازی نەبوونتان بەلێدانی (پ. ک. ک)، لەپیاوەتی خۆتانو دڵسۆزیتان نەبووە بۆ کوردو کوردستان، بەڵکو لەبەر خاتری ڕاگرتنی دڵی ئاخوندەکانی ئێران بووە! ئەگەر وانییە، ئەی لەبەرچی حەوت پێشمەرگەی (حزبی دیموکراتیی کوردستان) تان لە 19. 10. 1996دا ڕادەستی مێشک ژەنگگرتووەکانی قومو تاران کردووە؟ ئایە لەبەر ئەوە ئەو کارەتانکرد، چونکە خومەینی پێی وابوو ئۆتۆنۆمی لەقورئاندا نییە، بۆیە داخوازیو مافەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕەتدەکردەوە، ئێوەش بەگوێرەی قسەی خومەینی پێتان وابوو ئەو حەوت پێشمەرگەیە دژی قورئان ڕەفتار دەکەنو مەترسییان بۆ سەر ئیسلام هەیە، بۆیە لەسەر قسەی ئەم ئاخوندەیە، ئاوا دژی مافەکانی نەتەوەی کوردنو لەهەر شوێنێک بێتو پێشمەرگە ڕادەست دەکەنەوە؟.

باشە، ئەگەر ئەوەندە دڵسۆز بوون بۆ کوردو کوردستان، بۆ بەقسەی ئێرانی داگیرکەری کوردستانو دواتریش بەقسەی ئوسامەو زەرقاوی، شەڕی حکومەتی کوردستانتان کرد؟ ئەگەر ئەوەندە دڵسوز بوون بۆ کوردو کوردستان، بۆ عارەبی ئەفغانیتان دەهێناو ئەوکارە ناشیرینانەتان بەهاوبەشی ئەوان لە

هەڵەبجە، خورماڵ، خێڵی حەمە، تەوێڵە، بیارەو تەواوی هەورەمان ئەنجامدەدا؟ ئەی پێم ناڵێی جاشایەتی چۆنە؟
باشە، ئەگەر ئەوەندە دڵسۆز بوون بۆ کوردو کوردستان، بۆ لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەگەڵ حزبی ئیسلامی ئێراقی (کۆنە بەعسییەکان) بەیەک لیست دابەزینو دوو ئەندامتان هەیەو لەهەموو شتێکدا لەدژی خواستە نەتەوەییو نیشتمانییەکانی کوردستان، دەوەستنەوە؟ ئەی ئەمە جاشێتیو کرێگرتەییتان نییە بۆ بێگانەو داگیرکەرو دوژمنانی کوردو کوردستان؟
باشە ئەگەر هێنانو ڕێنیشاندانی تیرۆریستانی عارەبو خۆتەقاندنەوەیان لە مەڵبەندی سێی یەکێتیو لقی دووی پارتیو شەهیدکردنی زۆرتر لە (100) قارەمانی کوردستان لە 1ی شوباتی 2004 و شەهیدکردنی لەسەرەوەی 50 کەسی بێتاوان لە هێزی ناوچەی ڕێکخراوی ناوخۆی هەولێری پارتی لە 4. 5. 2005 و خۆتەقاندنەوەکەی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێرو شەهیدکردنی (13) پۆلیسو بریندارکردنی (103) ی دیکە، نۆکەرێتیو جاشایەتی پارتە ئیسلامییەکانو تۆی ئیسلامی نەبێت بۆ بێگانەو وڵاتە دراوسێکان؟ پێمان ناڵێی جاشێتیو نۆکەرێتی چۆنە؟ ئەگەر هاوارکردنو بەرزکردنەوەی دروشمی "نامانەوێ پەرلەمان بمانخەنە سەر ئێران" لەلایەن ئیسلامییەکان لە هەڵەبجە، جاشێتیو نۆکەرێتی نەبێت؟ دەبێت جاشێتیو نۆکەرێتی چۆن بێت؟ ئەی باشە، ئەگەر ئەوە جاشێتیو نۆکەرێتی بۆ عارەبو ئیسلام نەبێت، دەبێت جاشێتیو نۆکەرێتی چۆن بێت، کاتێک کە یەکگرتووی ئیسلامی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ تیرۆریستەکانی زەرقاوی هەبێتو بەعارەبەکانی موسڵ-یشی گوتبێ کە نابێت مەلای مزگەوتەکان کورد بن، چونکە کورد "موالی"ن؟ (کوردیا بەرزنجی، پەیوەندی یەکگرتووی ئیسلامی سەرچاوەی تیرۆر، کوردستاننێت 20. 6. 2006) . ئایە دەزانی: (موالی مانای لایەنگیر یان هاوشان دەگەیەنێ، هەروەها بەمانای کۆیلەش دێت. لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا، عارەبە ئیسلامییەکان بەهەموو کەسێکی سەر بەنەتەوەکانی تری ناعارەبییان دەگووت (موالی) . ئەم موالیانە لەناو کۆمەڵگای عەرەبیدا سووک تەماشا دەکران. عارەبەکان ئامادا نەبوون لەپشت مەلایەکی (موالی) یەوە نوێژ بکەن) . (جەمال نەبەز، کوردانی سەرگەردانو برا موسڵمانەکانییان، ل19) . ئایە ئەوە بەکەم سەیرکردنو بچووککردنەوەی کورد نییە؟ ئەگەر ئێوە خۆتان بە (موالی) یان هەر شتێکی تر دەزانن ئازادن، بەڵام تەواوی کورد (موالی) نین، چونکە کورد جگە لەئیسلام، ئێزیدی، کاکەییو چەند ئاینزایەکی ترو عەلمانی زۆری تیایە کە ئێوە بەکافریان دەزانن، سەرەڕای ئەوەش کە خەڵکێکی زۆر لەکوردستان تەنیا بەناسنامە موسڵمانن! کەواتە بۆتان نییە بەناوی تەواوی کورد قسە بکەن. بۆ خۆتان ئازادن لەوەی کە باندە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی وەکو ئەنسارولئیسلام، یەکگرتوو، کۆمەڵو بزووتنەوە بە (موالی) بزاننو خۆتان لەکورد داببڕن، چونکە کورد ڕازی نییە بەوەی کە (موالی) بێت!
ئەوە ئیسرائیل لە 20. 6. 2006دا بوو بە ئەندامی خاچی سووری نێودەوڵەتیو، عەرەبو ئیسلام لەسەرەتادا کەمێک ناڕەزاییان دەربڕی، کەچی دوایی بێدەنگییان هەڵبژارد هەروەکو پیشەی هەموو جارێکیان. ئەوەندەی تۆو بەناو ئیسلامییەکانی کوردستان تیژوو بەشیرن لەسەر فەلەستینییەکان، عارەبەکان خۆیان ئەوەندە تیژوو بەشیر نین لەسەریان!! هەروەکو کورد دەڵێت: (ئێوە مەشکەی خۆمان ناهەژێنن، بەڵکو دەچن مەشکەی ماڵی میری دەهەژێنن، چونکە پێتان وایە مەشکەی ئەوان بەزڕو پڕپڕەیە) . هۆش بێننەوە بەر خۆتانو مەشکەی خۆمان بهەژێننو خزمەت بەکوردو کوردستان بکەنو، باسوودتان بۆ نەتەوەو نیشتمانی خۆمان هەبێت، نەوەک ببن بەدڕکو کۆسپ هەروەکو ئێستا بووینە کۆسپ لەبەردەم خواستە نەتەوەییو نیشتمانییەکانی کوردو کوردستان! سەیرکەن تەنیا ئێوەی ئیسلامیانی کوردستانن، کە لەدژی نەتەوەو خاکی خۆتان دەوەستنەوەو، ئیسلامییەکانی عارەب، تورک، فارسو ئەفغان هەرچی لەبەرژەوەندی نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بێت لەگەڵیدانو، خۆ ئەگەر

پێچەوانەش بێت بەهەموو هێزی خۆیان لەدژی دەوەستنەوە، دە ئێوەش وەکو ئەوان بۆ نەتەوەو نیشتمانەکەتان دڵسۆز بن، نەک ناپاکو بەکرێگیراو!!